# دادگایی کردنی دیکتاتور، نەک دیکتاتوری، لە عێراق

## خودایار ئاقام، محامیی و وەکیلی دادگا
## وەرگێران: عوسمان _ م

بە پێی ڕاگەیاندنی قسەکەری ڕەسمیی حکومەتی عێراق دادگایی کردنی سەدام حوسێن دیکتاتوری پێشوی عێراق و 7 کەس لە کارگێرانی حکومەتەکەی لەوانە تاها یاسین ڕەمەزان جێگری سەروک وەزیران و بەرزان ئیبراهیم الحسن زڕ برای سەدام و سەرۆکی ڕێکخراوی ئەمنی رژیمی عیراق لە رۆژی 19 ی ئوکتوبر لە بەغداد دەست پێدەکا.

بە پیی قسەکانی قسەکەری رەسمیی دەوڵەتی عێراق تەنیا تاوانی سەدام و 7 کەس لە هاوکارانی نزیکی لە دادگا، کوشتاری 143 کەس لە خەڵکی دێهاتی "دەجیل" لە ساڵی 1982 و شکەنجە و زیندانی کردنی نزیک بە 600 کەس لە دانیشتوانی ئەو دێهاتەیە. پێشینەی ڕاپۆرت دراوی تاوانەکە ئەوەیە کە لە رۆژی 8 ی ژویەی ساڵی 1982 کاتێک کە کاروانی سەیارەکانی سەدام و هاورێکانی بە دێهاتی شیعە نشینی "دەجیل" دا تێدەپەڕی لە لایان یەک یان چەند چەکدارێکی نهێنیەوە تەقە لەو کاروانە کرواوە بە مەبەستی کوشتنی سەدام. بەدوای ئەمەدا سەدام فەرمانی کوشتاری خەڵک و خاپور کردنی ئەو دێهاتە ئەدا کە 140 کەس دەکوژرێن و 600 کەسیتر لە لایان دەزگا ئەمنیەکانی رژیمی سەدامەوە ئەنفال دەکرێن و دیهاتەکە بە تەواوی وێران دەکری.

راستیەکان وا نیشان دەدەن کە دادگاییەکە لە 19ی ئوکتوبر بە بێ هیچ ئامادە سازییەکی حقوقی و قەزایی ئەنجام دەدرێ.

کوشتار و شکەنجەی خەڵکی دەجیل و کاول کردنی ئەم دێهاتە لە لای عەقڵ و پێوەرە ناسراوە بەشەرییەکان تاوان و جورمێکی یەکجار گەورەیە. بەڵام هەر ئەم تاوانە لە چاو تاوانەکانیتر کە سەدام و کاربەدەستانی حکومەتەکەی ئەنجامیان داوە تاوانێکی ئاسایی و بچوکە.

بە شێوەیەکی ڕونتر دەبێ پرسیار بکرێ:

بۆچی لە نێوان لیستێکی درێژی جینایەتەکانی 35 ساڵەی سەدام تەنیا جینایەتی دێهاتی 'دەجیل' وەک تەنیا تاوانی سەدام و هاوکارانی لەسەر مێزی محاکمە دادەنرێ؟

بۆچی جینایاتی زۆر گرنگتری وەک کیمیابارانی هەلەبجە، عەمەلیاتی نەسڵ کوژی، ئەنفال لە کوردستانی عێراق، کوشتاری بەرینی شیعەکانی جنوب لە ساڵی 1991 و دەست درێژیی سەربازی عێراق بۆسەر ئێران و کوێت کە میلیونان کەس لە خەڵکی ناوچەکە توشی نابودی تەواو یان مەرگی بەرەبەرە کرد و دەیکا لە دادگاییەکەدا نایەتە گورێ و باس ناکرێ؟

بۆچی محاکمەی سەدام و هاوکارانی ناتوانێ لانیکەم وەک محاکمەی سەرانی پێشوی ئەفریقای جنوبی و یوگوسلاویای پێشو بێ کە تاوانەکانی وەک ئاپارتاید و نەسڵ کوژیی تێدا هێنرایە گورێ؟ بۆچی تەنانەت لانیکەمەکانی حقوقی و قەزاییی پارێزراو لە محاکمەی سەرانی نازی لە نورنبێرگ (دادگای براوانی شەڕی دوهەمی جیهانی لە دژی دۆڕاوەکان) لەم محاکمەیەدا لەبەر چاو ناگیرێ؟

ئایا ناتوانرێ بوترێ کە ڕابوردو و مێژوی موسیبەتباری خەڵکی عێراق و ناوچەکە و خوێن ڕشتنی 35 ساڵەی یەکێک لە خۆفناکترین دیکتاتورەکانی ناوچەکە لەو دادگایەدا دەکرێتە قوربانیی کۆمەڵێک قازانجی دیاریکراو؟. ئەم قازانجانە کامانەن و سەر بە چ کەسانێکن؟

با چاوێک بە سەر چەند تاوانێکی زۆر ناسراوی تری سەدام و هاوکارەکانی بخشێنین و بزانین کە هێنانە گۆڕ و لێکۆڵینەوە لەم تاوانانە بۆ چ کەسانێک گرفت دەخولقێنێ؟

لە 16 ی مارسی 1988، 50 تەیارەی جەنگیی عێراقی کە هەر کامەیان بە 4 بومبی 500 کیلویی تەیار بون شاری هەڵەبجەی کوردستانی عێراقیان کە لە شەڕی ئێران و عێراق بۆ ماوەیەک کەوتە ژێر دەستی ئێران بوردمانی کیمیایی کرد. لەم بوردمانە دا نزیک بە 5000 کەس لە خەڵکی هەڵەبجە کوژرا، چەندین هەزار کەسیتر بریندار و لە نێوان 30 تا 40 هەزار نەفەری ناوچەکە توشی ئالودەیی کیمیایی درێژ ماوە بون. لە 23ی مارسی 1983 رۆژنامەی گاردیەن چاپی لەندەن راپورتی ئەم جینایەتە وەحشیانەیەی بە وێنە چاپ کرد. هیچ جۆرە برین و خوێن و شوێنەوارێک لە تەقینەوە لەسەر لاشەکان نەبینرا.جەنازەی دەیان ژن، پیاو، منداڵ و حەیواناتی ماڵی لە ناو ماڵەکان و کۆڵان و شەقامەکانی ئەم بەشەی کوردستانی عێراقی ژێر کونترۆڵی ئێرانی داپۆشی بوە.

پێستی ئەم جەنازانە بە شێوەیەکی سەیر رەنگیان گوراوە و چاوەکانیان کراوە و ئەبلەق، چڵکێکی خۆڵەمێشی لە دەمیانەوە هاتوەتە دەر و قامکەکانی دەستیان بە شێوەیەکی سەر سوڕ هێنەر لار و خوارە. لەم لاترەوە دایکێک منداڵەکەی بۆ دواجار لە باوەشی گوشیوە و لەولاتر باوکێک خۆی کردوەتە قەڵغانی کۆرپەکەی، بەرانبەر بە شتێک کە نەیان دەزانی چییە.

پێش لەم بومبارانانە، کومپانیایەکی بەرهەم هێنەری ژاری دژی ئافەتی هولەندی راسپاردەیەکی لە دەوڵەتی عێراق وەرگرت کە بریتی بو لە سەدان تەن گازی خەردەل، تابون و زۆر مادەی کیمیایی تربوو. بەرپرسی کومپانیاکە کە لە وەرگرتنی ئاوا داخوازێکی گەورە سەرسام مابو سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وولاتەی کرد کە بەو مادە کیمیاییە راسپێردەراوە لە لایان دەوڵەتی عێراقەوە دەتوانرێ تەواوی دار و دەون و بژوێنەکانی سەرتاسەری رۆژهەلات بۆ ماوەی پێنج ساڵ ژار پاشی بکرێ. بەم حاڵەشەوە وەزارەتی دەرەوەی هولەند ئیجازەی ناردنی ئەم مادە کیمیاییەی بۆ عێراق دەر کرد. هەر لەو کاتەدا دەیان کومپانی و کونسرسیومی ئاڵمانیش یارمەتی عێراقیان دا و لەگەڵ دابینکردنی گازەکان و مادە کیمیاییەکانیتر، تکنولوژیای وەرێخستنی چەند کارخانەی بەرهەم هێنانی ژارە کیمیاییەکانی وەک گازی خەردەل، تابون، تێزاب پرۆسیک، سیانور و هیتریان دابە رژیمی سەدام. تارێق عزیز وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عێراق لە سەفەرێکدا کە پاش بومبارانەکەی هەڵەبجە بۆ ئاڵمان کردی، لە وەڵامی رۆژنامەی سەمج دا بومبارانی هەڵەبجەی بەدرۆ خستەوە و وتی کە وولاتانی ئوروپایی خۆیان چەکی کیمیایی ئەدەن بە وولاتانی جیهانی سێهەم و لە کاتی کەڵک وەرگرتن لەم چەکانە لە دژی قوربانیان، فرمێسکی تیمساح ئەرێژن. هەر لەو کاتەدا حکومەتی فەرانسە هاوپەیمانی دێرینی سەدام حوسێن (وزە خانەی ئەتومی عێراق و کۆششە نیوە شاراوەکانی ئەم وولاتە بۆ دروست کردنی چەکی ئەتومی بە کەڵک وەرگرتن لە تکنولۆژیای ناردراوی دەوڵەتانی گلیست یان سوسیالیستی فەرانسەیی دامەزرا) لە ڕاگەیەندراوێکی کورتی ئەخلاقیدا دەڵێ: 'کەڵک وەرگرتن لە چەکە کیمیاییەکان لە هەر شوێن و جێگایێک مەحکومە'. ئەمریکاییەکانیش وتیان کە تەواوی نیشانەکان و راستیەکانیان لە بابەت جینایەتەکانی هەلەبجە لێک داوەتەوە بەڵام بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتون و بۆیان نەسەلمێندراوە.

رۆژی 18ی مارسی 1988، راست دوو رۆژ پاش کارەساتەکەی هەڵەبجە، بە فەرماندەیی عەلی حەسەن مەجید ئاموزای سەدام حوسێن کە لە مارسی 1987 بو بە فەرمانداری شیمالی عێراق، نەسڵ کۆژی بەرینی کوردەکانی عێراق بە کەڵک وەرگرتن لە هەمو جۆرە چەکێک لەوانە چەکی کیمیایی دەستی پێکرد. حکومەتی عێراق ناوی ئەم عەمەلیاتە نەسڵ کوژیەی ناونا ' ئەنفال'. ناوی عەمەلیاتی 'ئەنفال'، بە مانای 'دەستکەوت' لە سورەیەکەی قورئان وەر گیراوە.

ئامانجی کورت ماوەی عەمەلیاتی 'ئەنفال' نابودی ئەو پیاوە کوردانە بوو کە توانای شەڕ کردنیان هەبوو و ئامانجی درێژ ماوەشی نابودی هەویەی مێژویی و کولتوری خەڵکی کوردستان، سڕینەوەی داب و نەریتی خەڵک و گۆڕینی سنورە جوگرافیەکان بوو. زەمینەکانی ئەم عەمەلیاتە لە کاتی دانانی عەلی حەسەن مەجید بە فەرماندەی شیمالی عێراق ئامادە کرا بوو. ناوبراو لە رۆژی سێهەمی ژوینی ساڵی 1987 فەرمانێکی ئیمزا کردبو کە تێیدا هاتبو: 'هێزە چەکدارەکان دەبێ لە سنوری پاراستنی ئەم ناوچەیەدا هیچ بونەوەرێکی زیندو لە ئینسان و حەیوان نەهێڵن. لە عەمەلیاتی ئەنفال دا لە نێوان 100 تا 180 هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان لەناو چون. بە پێی ئاماری لێکۆڵەوەرانی نێونەتەوەیی 4500 دێهات و زۆربەی شارە کورد نشینەکان خاپور و کاول کرا، چاندنی زیاتر لە 14 میلیون مینی دژە نەفەر لە دێهاتەکانی کوردستان، نابود کردنی بەرنامە بۆ دارێژراوی دارستانەکان، لێرەوار و زەویەکانی کشتوکاڵ، چیمەنتو کردنی بیرەکانی ئاو و کوشتنی حەیواناتی ماڵی گۆشەیەک لە پیلانی عەمەلیاتی ئەنفال بو. لە ماوەی 2 مانگ دا دەست درێژی و تەجاوز بە زیاتر لە 50 هەزار ژن و کچی کورد کرا. سەربازانی رژیمی عێراق دەرپێی ژنانی کوردیان وەک شانازی دابو بە بەر دەبابەکان و سەیارە سەربازیەکانیاندا.

ئەم گەورەترین نەسڵ کوژییەی پاش شەری دوهەمی جیهانی تا ئەو دەمە، بە بەر چاوی بێلایەنی هاوپەیمانانی عەرەبی عێراق و وولاتانی رۆژئاوا ئەنجام درا.

لە کتێبێک دا بە ناوی 'کتێبی رەشی جینایەتەکانی سەدام حوسێن' کە لە 5ی سپتامبری ئەمساڵ لە فەرانسە بلاو کرایەوە 23 نوسەر لە وولاتانی جۆراوجۆر لەوانە ژمارەیەک قازی و محامی دادگا، پسپۆڕی سیاسی، پزیشک و هتد ئاکام و شایەتیەکانی قوربانیانی ئەو رژیمەیان بلاو کردەوە. لەم کتێبەدا لە بابەت هەڵوێستی جیهانی دەربارەی ئەم نەسڵ کوژییە ئاوا هاتوە:

هەرچەندە راستیی رودانی بومبارانەکان و کوشتار لە لایەن شاهێدیی کەسانێکەوە کە چاوەدێر و قوربانیی ئەم عەمەلیاتە بون و لە لایان کۆمەڵگای جیهانییەوە تەئید کرا بەڵام بە بیانوی ئەوەیکە ئەم عەمەلیاتە مەسەلەی ناوخۆییە هیچ کارێکیان بۆ بەرگرتن بە بەردەوام بونی ئەم کوشتارە نەکرد. بە بیانوی رێز گرتن لە 'سەربەخۆیی' عێراق و لەسەر بنەمای 'ئەسڵی دەست تێوەر نەدان لە کاروباری

ناوخۆیی وولاتان' دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەم کۆشتارە نەکرد و بە هۆی ئیجازە نەدانی دەوڵەتی عیراق مەجالی گەیاندنی یارمەتی نێونەتەوەیی بۆ قوربانیانی ئەم عەمەلیاتە نەبوو. بێگومان هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر لەم وولاتانە لە دابین کردنی مادەی کیمیایی بۆ رژیمی عێراق، هەڵوێست نەگرتنی سیاسی ئەوانی بۆ یارمەتی نەکردنی قوربانیانی ئەو عەمەلیاتە کە لە دژی کوردستانی عیراق ئەنجام درا پاساو دەکرد. بونی گوروپەکانی بەکۆمەڵ گومانی بۆ کوشتارە بە کۆمەڵەکان نەدەهێشتەوە. سەدام نەیتوانی ئەم کوشتارانە بشارێتەوە. بەڵام ئەو بە شێوەی تاکتیکی پشتیوانی لێ کرا.
لە ساڵی 1991 برێک پاش شکستی ئەرتەشی عیراق لە کوێت، شیعەکانی عێراق کە لە لایان رژیمی مەلاکانی ئێران پشتیوانی دەکران دەستیان دایە ڕاپەڕینی گشتی لە دژی رژیمی شکست خواردوی سەدام. لەو رۆژانەدا، شیعەکانی عیراق ئەو ئومیدەیان لە خۆیاندا پێک هێنا بوو کە بە هۆی لاواز بونی توانای سەرکوتی دەوڵەتی سەدام بە هۆی شکست لە شەری کوێت و هەروەها نەبونی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە دەوڵەتی عێراق ئەم مەجالەی رەخساندبو کە دیواری بێدەنگی بشکێ و ئەوان بە مافی سروشتیی خۆیان بگەن. بەڵام ئەمە لێکدانەوەیەکی دروست نەبو. چونکە نە رۆژئاوا و نە وولاتانی عەرەبی نەیاندەویست جنوبی نەوت خێزی عێراق بکەوێتە ژێر کونترۆڵی ئەو شیعانەی کە ئیران پشتیوانی لێ دەکردن.
ڕاپەڕینی شیعەکان زیاتر خەڵکی دانیشتوی شارەکانی بەسرە و زەنگاوەکانی جنوبی عێراق کە بە زاراوەی محەلی 'هور' ی پێ دەڵێن دەگرتەبەر. ئەم ناوچەیە لە کۆنترین ژینگەکانی شارستانیەتی بەشەری بە پێسینەیەکی 5 هەزار ساڵەیە. وادیارە عینوانی ' باخەکانی وەک بەهەشتی عەدەن' کە لە تەوراتدا هاتوە ئاماژە بەم ناوچە بێ. چاندنی داری خورما و برنج، ڕاگرتنی گا و گامێش، ڕاوە ماسی، دروست کردنی بەلەم و خانو بە زەلی زەنگاوەکان کە بەرزییان دەگاتە نزیک 7 میتر لە سەرەکیترین هەڵسوڕانەکانی 'هور' نشینەکان بو. دانیشتوانی ئەم هورانە دەگەیشتە 400000 هەزار کەس کە بە هێرشی ساڵی 19991 بو بە 250000 هەزار. عەلی حەسەن مەجید کە بە نزیک بونەوەی ئەگەری هێرش بۆ سەر عێراق لە ساڵی 2003 فەرماندیی ناوچەی جنوبی پێ سپێردرابو فەرمانیدا تەواوی هور نشینەکان بۆ بەرگرتن لە ڕاپەڕینیان ئاگر تێبەردەن و بەم شێوەیە  ژمارەی دانیشتوانی هورەکان گەیشتە 15000 کەس.
جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە رژیمی مەلاکانی ئێران هاوکات لەگەڵ هاندانی شیعەکان بۆ ڕاپەرین، پێوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی سەدام پەرە پێ دەدا. بۆ نمونە لە ڕێگای پێوەندیەکەوە کە لە نێوان عودی و قوسی کورەکانی سەدام و کچان و کوڕانی ڕەفسنجانی هەبو، ناردنی نەوتی عێراق بە شێوەی قاچاخ (بە پێچەوانەی گەمارۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان) لە لایان ئەوانەوە تا ڕۆژەکانی روخانی سەدام بەردەوام بوو.
ئەوەیکە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا سێ نمونەی سەرەکی لە جینایەتەکانی سەدام لە ناوخۆی عێراق بو کە بە کورتی و تەنیا بەشێکی کورت لە تەواوی ئاستی جینایەتەکانە کە نوسراوە. بە بەیانێکیتر پەنام بۆ حکمەتی مەولانا برد کە دەیوت: 'ئەگەر نەتوانین ئاوی دەریا هاڵگۆزین، بەقەدەر تینویەتی دەبێ بیچێژین، ئەگینا دەبێ بۆ ئەم جینایەتانە هەزاران دەفتەر بنوسرێ. بێجگە لەمەش مەجالی ئاماژە بە دوو نمونەی سەرەکی لە سەرەڕۆییەکانی درەوەی سنورەکانی سەدام و کارگێڕانی لە دەست پێکردنی شەڕی ئێران و عێراق و داگیر کردنی کوێت لەم نوسراوەیەدا نییە. هیوادارم لە داهاتودا باسێکی جیاوازی لەسەر بکەم. بەڵام ئەم کورتەیەم نوسی تا بەم ئاکامەی خوارەوە بگەین کە، بە تەواوی باورم پێیەتی:
هەروەک دەبینین محاکمەی داهاتوی سەدام حوسێن تەنیا سەناریویەکی لە پێشدا نوسراوە بۆ لابردی تەنیا شەخسی دیکتاتور. ئەمە شێوازێک و رەوتێکە کە بەردەوام لە وڵاتانی ژێر دیکتاتورێەت دا دوپات دەبێتەوە و ئەگەر هوشیار نەبین دیسانەکە دوپات دەبێتەوە. ئێستاکە ئەوەیکە خەڵکی عێراق، و سبەینێی ئێمەی ئێرانیەکان، پێویستمان پێیەتی و هەمانە محاکمە و لە نیهایەتدا ئێعدامی دیکتاتور و چەند کارگێڕ و هاوکارێکیان نییە. دەبێ فێر بین کە نەفس و قەوارەی دیکتاتوری محاکمە بکەین و نەک تەنیا دیکتاتۆر.
تەنیا بە هوشیاری و ئاگایی گشتی، بە نەقد و رسوا کردنی شێوەکان و میکانیسمەکان و کردەوەکانی دیکتاتۆرییە کە دەتوانین دیکتاتۆری ریشە کێش بکەین. شێوەکان و میکانیسمەکانی تەواوی دیکتاتۆرەکان یەکسان و وەک یەکن. ئەگەر تەنیا دیکتاتۆر و کارگێرەکانی لەسەر رێگا لابەین بەڵام شێوەکان و میکانیسم وسیستەمی دیکتاتوریەکەی لە سەرتاسەری وولات و لای خەڵک رسوا نەکەین و نەیسرینەوە، دیکتاتۆری درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.
ئەگەر ئێمە ئێرانیەکان لە سبەی رۆژی شۆڕشی دژی دیکتاتۆریی بەهمەن مانگی ساڵی 1357ی هەتاوی شێوەکان و میکانیزمەکانی دیکتاتوریی شامان محاکمە دەکرد و تەواوی خەڵکی ئێران وەفدی قازی و حاکم دەبون، رژیمی ئیسلامیی ویلایەتی فەقیە نەیدەتوانی جێ نشینی ڕژیمی شا بێ. ئەگەر دیکتاتۆریی شا محاکمە کرابا بیروڕای جەماوەری خەڵک تەواوی ئاست و

لایەنەکانی دیکتاتوریی دەناسی و مەحکومی دەکرد و هەر ئەو کاتە ریشەکان و ڕەگەکانی لە حاڵی گەشەی ویلایەتی فەقیی لە بنەوە لە خاک هەڵدەکێشرا.

ئەگەر لە محاکمەی دیکتاتوریی سەدام، لە گەڵ بەرپرسایەتیەکانی تاک و کارگێرانی، دیکتاتوریش بکەوێتە بەر لێکوڵینەوە و لێ پرسینەوە و محاکمە، ئەوا تەواوی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە و لە هەموان زیاتر رژیمی ئیسلامیی حاکم بەسەر ئێران دا رسوا دەبێ.

رژیمی ویلایەتی فەقێی ئێرانیش بەدوای محاکمەی رواڵەتی و ئێعدامی بە پەلەی سەدامەوەیە تا تاوانەکان و بەرپرسایەتیەکانی مەلاکانی حاکم بەسەر ئیراندا لە درێژەی شەری ئێران و عێراق و ڕێکەوتنەکانی پشتی پەردەی ئەوان لەگەڵ ڕژیمی عێراق بە تایبەت لە ساڵی 1991 بەدواوە داپۆشرێ و فەرامۆش بکرێ.